خوای گەورەی بەرز وشکۆدار دەفەرموێت: «هەموو کردەوەکانی نەوەی ئادەم بۆ خۆیەتی؛ جگە ڕۆژووگرتن نەبێت، بە دڵنیاییەوە بۆ منە ومن پاداشتی لە سەر دەدەمەوە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: خوای گەورەی بەرز وشکۆدار دەفەرموێت: «هەموو کردەوەکانی نەوەی ئادەم بۆ خۆیەتی؛ جگە ڕۆژووگرتن نەبێت، بە دڵنیاییەوە بۆ منە ومن پاداشتی لە سەر دەدەمەوە»، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ڕۆژووگرتن قەڵغانە (پارێزەرە)، بۆیە ئەگەر کەسێکتان بە ڕۆژوو بێت ئەوا با قسەی ناشیرین وناڕەوا نەکات ودەنگی بەرز نەکاتەوە وهاوار نەکان، وئەگەر کەسێک جوێنی پێدا یان دەیویست شەڕی لە گەڵ بکات، ئەوا با بڵێت: من بە ڕۆژووم، سوێند بە ئەوەی کە نەفسی موحەمەدی بە دەستە؛ بۆنی گۆڕاوی دەمی ڕۆژووگر لای خوای گەورە لە بۆنی میسک خۆشترە، وڕۆژووگر دوو خۆشی وئاسوودەیی بۆ هەیە کە پێیان دڵخۆش دەبێت: ئەگەر ڕۆژوو بشکێنێت ئەوا دڵخۆش دەبێت (بە ڕۆژوو شکاندنی)، وئەگەر بگاتە لای پەروەردگاری ئەوا دڵخۆشە بە پاداشتی ڕۆژووگرتنی»

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە لەم فەرموودە قودسیەدا دەفەرموێت: هەموو کردەوەیەکی نەوەی ئادەم پاداشتەکەی چەندەها جار دەبێتەوە لە دە جار هەتاوەکو حەوت سەد جار، جگە لە ڕۆژووگرتن نەبێت؛ چونکە بۆ منە وتووشی ڕیا نابێت تێیدا، بۆیە تەنها من دەزانم پاداشتی چەندە وچەندەها جاربوونی پاداشتەکەی چەندێکە. پاشان فەرموویی: (ڕۆژووگرتن قەڵغانە -پارێزەرە-)؛ پاراستن وداپۆشەر وقەڵایەکی پارێزراوە دژ بە چوونە دۆزەخ، چونکە گرتنەوەی نەفسە بەرامبەر شەهوەت وتووشبوون بە گوناهەکان، ودۆزەخ دەوردراوە بە شەهوەت وئارەزووەکان. (بۆیە ئەگەر کەسێکتان بە ڕۆژوو بێت ئەوا با قسەی ناشیرین وناڕەوا نەکات)؛ بە سەرجێی کردن لەگەڵ هاوسەری وپێشەکیەکانی، وقسەی پوچ وناشیاو نەکات. (ودەنگی بەرز نەکاتەوە بە هاوار)؛ بە شەڕ وناکۆکی وهاوارکردن. (وئەگەر کەسێک جوێنی پێدا یان دەیویست شەڕی لە گەڵ بکات)؛ لە مانگی ڕەمەزاندا، (ئەوا با بڵێت: من بە ڕۆژووم)؛ بۆئەوەی بەرامبەر وازبهێنێت، بەڵام ئەگەر هەر سوور بوو لەسەر شەڕ کردن ئەوا دەبێت بە کەمترین زەرەر دووربخرێتەوە هاوشێوەی دوورخستنەوەی کەسی دەستدرێژکار. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێندی خوارد بە ئەوەی نەفسی بەدەستێتی؛ کە گۆڕانی بۆنی دەمی ڕۆژووگر بەهۆی ڕۆژووگرتنەوە لەلای خوای گەورە لە قیامەتدا خۆشترە لە بۆنی میسك کە بەکاردەهێنرێت لە هەینیەکان ودانیشتنەکانی زیکرکردن. ڕۆژووگر دووجار ئاسوودە دەبێت: ئەگەر ڕۆژوو بشکێنێت ئەوا ئاسوودەیە بە نەمانی برسێتی وتینوێتی چونکە ڕێگەپێدراوە ڕۆژووەکەی بشکێنێت، وئاسوودەیە بە تەواوکردنی ڕۆژووگرتن وپەرستن، وئاسانکاریە بۆی لەلایەن پەروەردگاریەوە، ویارمەتیدەرە بۆئەوەی ڕۆژووەکانی داهاتوو بگرێت. (وئەگەر بگاتە لای پەروەردگاری ئەوا دڵخۆشە بە ڕۆژووگرتنی)؛ بەهۆی ئەو پاداشتەی پێی دەبەخشرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3546